## شمشێری پانزە سەدەی ئیسلام ... ڕوونكردنەوەیەک بۆ بەڕێزان سۆران عومەر و سەلاح ستار ... گلێنە

هەرچەندە بە هۆی كاروباری ژیانمەوە ئەوەندە كاتم نییە بۆ ئینتەرنێت بەڵام شەوێک لەو شەوانەی كە لە (پاڵتاک) دا بووم بۆ یەكەم جار گوێم لە دەنگ و وتوو وێژی كاک (سۆران عومەر) بوو لە سەر یەكێک لە باسە ئاینییەكان كە لەو كاتەدا باسی لەسەر دەكرا. لەو كاتەدا كە گوێم لە كاک سۆران و شێوازی لێدووانی بوو بە ڕاستی خۆشحاڵ بووم و گەشتمە ئەو ڕادەیەی كە ئاواتەخوازی ئەوە ببم هەموو كەسێک، گرنگ نییە خاوەنی هەر بیروباوەڕێک بێت، بە شێوەی كاک سۆران دڵفراوانە و دیموكراسیانە لەگەڵ بەرامبەرەكەیدا بدوێت ئەگەر چی خاوەنی دوو بیروباوەڕ و ئایدۆلۆجیای جیاواز بن. بەڵام بە داخەوە.... !!!!!

بەر لەو ڕۆژە و دوای ئەو ڕۆژەش هەمیشە لە خۆمم دەپرسی: ئایا ئیسلام و موسوڵمانە ڕاستەقینەكان ڕۆژێک لە ڕۆژان دەتوانن لێدوان و ڕاگۆڕینەوە بكەن بە پردێک بۆ گۆڕینەوەی ڕا و بۆچوونەكان لە نێوان ئەو جیهانەی خۆیاندا و بەشەكەی تری مرۆڤایەتی. بێگومان هەمیشە ئاواتەخوازی ئەوە بووم و ئاواتەخوازی دەبم، بەڵام بە داخەوە.... !!!!!

لە پاش دەرچوونی پەرتووكی (سێكس و شەرع و ژن لە ئیسلامدا) كاک سۆران و هەندێک لە (برا موسوڵمانەكانی) چەند وتارێكیان لە ماڵپەڕە كوردییەكاندا بڵاو كردۆتەوە كە تیایدا زۆر جەربەزانە بڕیاری لە ناوبردنی ئەو نووسەرەیان تیایدا داوە بە ڕەقترین شێوە كە تیایدا مرۆڤ تام و چێژی بڕیاردەری بۆ دەردەكەوێت لە كوشتنی نووسەردا.

بولگارەكان پەندێكی پێشانیان هەیە كە تیایدا دەڵێن: بۆ هەموو كەسێک ساتێک دێت كە تیایدا ڕاستەقینەی كەسایەتی خۆی تیایدا پێشان بدات. ئەم ووتەیەش زۆر ڕاستە و دەقاودەق بەسەر كاک (سۆرانی كوڕی خەتاب) دا جێبەجێ دەبێت. كاک سۆران لە كاتێكدا كە ناو و ناوەڕۆكی پەرتووكەكەی بینیووە، هەموو ئەو ووشە خاوەن ڕۆحە دیموكراسیە و لێبوردنانەی لە بیر چۆتەوە كە لە كاتی ووت و وێژێكی هێمندا بەكاری دەهێنێت و بێ هیچ دوودڵییەک شمشێرەكەی (محمد المیگفی) ی گرتە دەست بۆ دەستپێكردن بە جیهادێكی نوێ بەرامبەر بە كەسی (نووسەر) خۆی.

من نە پەرتووكەكەم خوێندۆتەوە و نە دەشتوانم هەتا ئەم ساتە ووتەیەكی لەسەر بنووسم. نووسەر هەیە كە نووسراو و پەرتووكەكانیان لەسەر بنچینەیەكی پتەو و بەهێز دادەڕێژن و هەندێكی تریش لاواز، بەڵام گەر ئەمیان بێت یاخود ئەویان، گەر نووسەر ڕاست بكات یان هەڵە، گەر بڵاوكراوە بەهێز بێت یان لاواز، گەر نووسەر شێوازی نووسینی جوان بێت یاخود ناشرین، گەر نووسەر خاوەن پێنووسێكی بەهێز بێت یان لاواز، گەر نووسەر نووسەر بێت یان كۆلكە نووسەر، ئایا كاک سۆران مرۆڤێک شایەنی ئەوەیە كە لەسەر پەرتووكێک ژیانی كۆتایی پێ بهێنرێت؟

ئایا ئاینی ئیسام هەر تەنها ئەمەندە بەها بۆ ژیانی مرۆڤێک دادەنێت؟ لە كوێن ئەو ووشانەی كە ئەو شەوە باسی دیموكراتییەت و بیروراگۆڕینەوەت تیادا دەكرد؟ ئایا دەتوانیت تۆ كێییت تاكو بڕیاری كوشتنی مرۆڤێک بدەیت؟ ئایا ئێستاش لە پاش هەزارو چوارسەد ساڵ دەتەوێت و دەتانەوێت ڕۆڵی عومەری كوڕی خەتاب و عوسمان و قەعقاع و پیاوكووژەكانی تری ئیسلام ببینن؟؟ گەر مێژوو ئەوەمان بۆ ڕوون بكاتەوە كە لەو سەردەمەدا شەڕەنگێزیی و هێز بریتیی بووبن لە ئامرازێک بۆ بەرفراوانكردی دەسەڵات لە

سەرتاپای جیهاندا، بەڵام کاکە سۆران ئێمە ئێستا لە سەدەی بیست و یەکداین کە تیایدا مرۆڤایەتی هەمیشە هەوڵ دەدات سەربەستی بیروڕا دەربڕین بکات بە بناغەیەک بۆ پێکەوەژیانێکی ئاسوودە.

من هەرگێز نە نووسراوەکەی بەڕیزتان و نە نووسراوەکانی (برا موسوڵمانەکان) ی ترم بە شتێکی نائاسایی دانەناوە و دانانێم، چونکە موسوڵمانێکی ڕاستەقینەی وەک بەڕیزتان زۆر لەوەش تەسکتر و شەڕەنگێزییانە و دیکتاتۆرییانەتر بیر دەکەنەوە کە خودی ئاینەکە بۆی ڕوون کردوونەتەوە. ئەوەی ئێستا دەیبینین و دەیبیستین بریتییە تەنها لە درێژەپێدانێک بە مێژووی خوێناوی و ڕەشی پانزە سەدەی پێشووتان. مەریوان هەڵەبجەیی تەنها کەسێکە لەناو ملیۆنەها کەس کە ڕایەکی جیاوازیان لە تۆ هەیە بەرامبەر دین، جا نازانم بە کوشتن و لەناوبردنی مەریوان ئەتوانن کۆتاییش بەو چەند ملیۆنەش بێنن کە باوەڕی بە ئاینەکە نەماوە؟ ئایا بیرتان لەوە کردۆتەوە کە چۆن نووسەرە دژ بە دینەکە چۆن بن بڕ دەکەن؟؟ ئایا بیرتان لەوە کردۆتەوە کە دینی ئیسلام لە گیانەڵادایە و ئەو ڕۆڵەی ووردە ووردە لەدەست دەچێت کە جاران بینیوویەتی لە ژیانی تاکەکەسدا هەروەک سەرتاپای یدنەکانی تر لە جیهاندا، کە تیایدا هەموو دینێک تەنها لە چوارچێوەی بیروڕاو بۆچوونەکانی تاکەکەسێک دەرناچێت و بەهەمان شێوەش تاکەکەس ناتوانێت دادی خۆی بدات بەسەر یەکێکی تردا گەر هەڵگری ڕایەکی تر بێت.

گەر ئاوڕێک لە ڕابوردوویەکی نزیکی مێژووی دینەکەتان بدەنەوە دەبینن کە نووسەرەکان هەن و هەبوون وە دەشبن. شەهید عەبدولخالیق مەعروف، فەرەج فۆدە، کامیل النجار و مەحمود محەمەد تەها، سەلام عەبدوڵا، تەها ئەمین هەڵەدنی وە چەندەها ناوی تر کە لە نێوان هەموو ئەمانەدا و دینی ئیسلامدا ئەوەی نەبووبێت بریتی بووە لە ووت و وێژ. ئایا تۆش و هەموو هاوڕێبازەکانت ئەتوانن پێم بڵێن لە چ کاتێکدا پەرتووکێکی دژ بە ئیسلام دەرچووبێت لە سەرتاپای جیهانی ئیسلامیدا، هاتوون بە شێوازێکی مۆدێرنانە پەرتوکێک یاخود نووسراوێکتان بڵاوکردبێتەوە کە تیایدا هەڵە و بێبناغەیی ئەو نووسراوەتان تیایدا بڵاو کردبێتەوە. لە هەشتاکاندا تەنها محەمەد مەلا ساڵح شارەزووری نەبێت کە چەند پەرتووکێکی لەسەر داروینیزم و مارکسیزم و هەندێ ئایدۆلۆجیای تر بڵاو کردۆتەوە، ئەگینا زمانی حاڵی ئێوە تەنها هێز و ئنجا هێز و هەر هێز بووە. باشترین بەڵگەش بریتییە لەوەی کە لەم چەند نووسەرانەی سەرەوە کە ناوم بردوون (عەبدولخالیق مەعروف، فەرەج فۆدە و مەحمود محەمەد تەها) کوژراون بە دەستی (پیرۆزی) موسوڵمانی وەک بەڕێزتان و (کامیل ئەلنەجار) یش کەس نازانێت لە کوێدا خۆی حەشارداوە بۆ ئەوەی خۆی لە دڕندەێتیی تۆ و نموونەکانت بپارێزێت. جا گەر هەروەک برا موسوڵمانە بەڕێزەکانمان دەڵێن کە پەرتوکەکەی مەریوان هەڵەبجەیی بێ بناغە و سوککردنی دینی ئیسلامە، ئەی کاک سۆران دەتوانن بۆمان ڕوون بکەنەوە بۆچی ئەوانی تر کوژران؟؟ ئایا پەرتوکەکانی ئەوانیش لە هەمان ئاستدا بوون یاخود چەند پرسیارێکی وایان خستۆتە ڕوو کە نە تۆ و نە زاناتریش لە بەڕێزتان ناتوانن وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە. گەر ئەم بۆچوونەی منیش هەڵەیە ئەوا کەک سۆران زۆر سوپاست دەکەم گەر بتوانیت بە پەرتوکێک یاخود نوسراوێک بەرپەرچی ئەو بۆچوونانە بدەیتەوە و لە کەمترین شێوازدا وەڵامی پرسیارەکانی کاک (تەها ئەمین هەڵەدنی) بدەیتەوە. جا کاک سۆران چەندەهای وەک من و کاک تەها هەن کە بە ڕاستی تامەزرۆی چاوپێکەوتنێکە لەگەڵدا بۆ ڕوونکردنەوەی ئەو پرسیارانەی کە پانزە سەدەیە دەخرێتە ژێر گڵەوە، بەڵام لە هەمووی سەرسوڕمێنەتر ئەوەیە کە تۆ و برا موسوڵمانەکانت

شانازیی بەو دڕندەیتییەوە دەکەن. جا گەر کوشتن و لەناوبردنی کەسانێک لە لایەن برا مسوڵمانەکانەوە لە ڕوانگەی ئیسلامەوە بریتی بێت لە بەرەنگی کردن لە بنەما و شەرەف و ئەخلاقی ئیسلامی، ئەوا من لە ڕوانگەی مرۆڤایەتییەوە بەبێ ئەخلاقی لە قەڵەم دەدەم وە لە هەمان کاتدا دەڵێم گەر ئایدۆلۆجیایەک یاخود دینێک گەر بەها بۆ مرۆڤ دانەنێت ئەوا من نەک تەنها باوەڕی پێ ناکەم، بەڵکو گەر بتوانم ئەوا ڕەجمی دەکەم.

لە لایەکی ترەوە مامۆستا سەلاح ستار شەرەف و خوڕەوشت و کەرامەتی عائیشەی بە شەرەف و کەرامەتی دایک و خوشکی هەمووومانی داناوە هەروەها دەڵێت بریندارکردن و سوکپێکردنی داود و عائیشە و چەندەها ناوی تر بریتییە لە سوکپێکردن بە سەرتاپای (ڕمە) ی ئیسلامی. جا لێرەدا نازانم چۆن مامۆستا سەلاح ڕایەکی خۆی بەسەر یەک ملیارد مرۆڤدا سەپاند؟؟ ئایا مامۆستا سەڵاح بێ گومانە لەوەی کە من و چەندەها و ملیۆنەهای تریش هەمان ڕایان هەیە؟ بۆ یەکێکی وەک من مێژوو و کەسایەتییەکانی ئیسلام نە پیرۆزن و نە پابەندن بە بوونی منەوە وەک مرۆڤێک؟ جا نازانم بۆچی و چۆن کاک سەلاح بەرگری لە شەرەفی عائیشە دەکات کە لە پێش پانزە سەدەدا ژیاوە، لە کاتێکدا یەک ملیارد موسوڵمان بە بێ هیچ هەڵوێستێک سەیری سوکپێکردن و بێکرامەتکرندی ئافرەتی کوردیان دەکرد لە کاتێکدا منداڵ و ژن و کچی کورد لەسەر سنووری سعودیە (وڵاتی دوو شارە پیرۆزەکەتان) فرێ دەدران و یاخود دەنێردارن بۆ میسر؟ گەر وەڵامەکەت ئەوە بێت کە ئەو بارە پەیوەندی نییە بە دینەکەوە، جا دەڵێم گەر دینێک نەتوانێت لە پاش پانزە سەدە خوڕەوشتێکی مرۆڤانە لە کەسی تاکی موسوڵماندا دروست بکات ئایا پیرۆزییەکەی لە کوێدایە؟ ئایا خوا بۆچی ئەو هەڵەیەی کرد کە دینێکی نارد کە هیچ سودێک و کارێکی نییە لە ناو کۆمەڵگادا؟؟

بەڕێزان کەک سۆران، سەلاح و هەموو برا و خوشکانی موسوڵمان هیوادارم لەوە بگەن کە سەردەمی تازە سەردەمی بیرورای ئازادە. چۆن بەڕێزتان باوەڕتان هەیە بە دینی ئیسلامی، کەسانێکیش هەن کە باوەڕی بە دینەکە نییە وە لەم میانەدا ڕەخنە و ڕەخنەکاری دروست دەبێت جا ڕەخنەکان لەسەر بناغەیەکی پتە وبن یاخود بناغەیەکی پڕوپوچ وە هەموو ئەم شتانە لە ناو سنوورێکی مرۆڤانەدا خۆی دەبینێتەوە. وتووێژو ڕا گۆڕینەوە تاکە ڕێگان بۆ ڕوونکردنەوەی خاڵە ئاڵۆزەکان و مەرجیش نییە لە ڕاگۆڕینەوەدا ئەنجامی کۆتایی هەبێت چونکە هەروەک دەزانین مەسەلە ئایدۆلۆجییەکان وەک ماتماتیک نییە کە یەک و یەک بکاتە دوو، بەڵام هەرچەندە دوور بمێنینەوە لە یەکتر لە ڕوانگە ئایدۆلۆجییەکانەوە، گرنگ ئەوەیە یەکتر قبوڵ بکەین بەو شێوەیەی کە هەین. ئەو شمشێرەی کە ئاینی ئیسلام پانزە سەدەیە هەڵی گرتووە و خەریکی جیهادێکی پیرۆزە ئەبێت لەمەودوا بشاردرێتەوە و چونکە زمانی حاڵی مرۆڤایەتی ئێستا دوورە لەو زمانە و مامەڵەکردنەی کە هەتا ئێستا دینەکەتان (بە داخەوە) باوەڕی پێیەتی. بەردەوامبوونتان لە سەر ئەم شێوازە مامەڵەکردنە لە ڕەشیی ناو و مێژووتان زیاد دەکات و هەرچەندە ڕابووردووی دینەکە دەتوانم بڵێم کە ڕەشی تێدا زیاتر بەدی دەکرێت، بەڵام کات هەرگیز درەنگ نییە بۆ ئەوەی ڕوویەکی شارستانیی و هاوچەرخ پیشانی کۆمەڵگاکەمان و جیهان پیشان بدەن.

گلێنە - ئەڵەمانیا
glena_q@yahoo. de